کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-4-2007 23:54

# جەمشید خاڵێکی ڕەشە بەناوچەوانی سەرانی غەدر و خیانەتەوە... نەسرەت



سەرانی غەدر و خیانەت کەئێستا بون بەکاربەدەست بەئارەزوی خۆیان سەروەت و سامانی میلەت دەدزن وەمیلەتی ڕەش و ڕوتیش با هەر زەقەی چاوی بێت. چونکە ئەم کەسانە کەئێستا حوکمی کوردستان دەکەن هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان بەتەنگ برسێتی و نەهامەتی میلەتەکەمانەوە نەبوون. نابینن ئەو هەموو خانەوادەی کە ئێستاش لەژێر خێوەتدا ژیانبەسەر دەبەن کە بەئاوارەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر ناودەبرێن پێویستیان بە کەسانێکە کە ئاوڕیان لێبدەنەوە چونکە لەسایەی کاربەدەستە دز و جەردەکان ئێستا میلەت لەهەموو کاتێك باری ئابوریان نزمترە. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناو گروپی ئەنجامدانی میوزیکی جەمشید ڕایگەیاند جەمشید 25 دەفتەر دۆلاری لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە بۆ ئەو کۆنسێرتانەی لە کوردستان ئەنجامیدەدات. لێرەدا دەمەوێت بپرسم ئایا هاوڵاتیانی کوردستان پێویستیان بە هاوکارییە یان بە هێنانی کەسانی وەك (جەمشید ) کەنازانێت بەباشی چوار کەلیمە کوردی قسەبکات بیهێنن بۆ کوردستان؟ من دڵنیام لە وەڵامی هەر کوردێکی بەشەرف کە وەڵامەکەی چیدەبێت. وەك هەمووڵایەك ئاگادارن کە سەرانی کورد بەفیتی دوژمنان چۆن کاردەکەن بۆ فەسادکردنی میلەت وە چۆن سەروەت و سامانی میلەت دەدزن و لەڕێگەی کەسانی بەدڕەوشت و تلیاك خۆرەوە کە بە (هونەرمەند) ناودەبرێن سەرف دەکەن. لەهەوڵێکی نوێیاندا کە زۆر بێئەقڵانە بوو حکومەتی هەرێمی کوردستان 25 دەفتەر دۆلار دەدات بە جەمشید لەبەر ئەوەی چەند ئافرەتێکی وەك خۆی هێناوە بۆ کوردستان تا کۆنسێرتێک سازبکات وە ئافرەتەکانی هاوڕێی بە ڕوتییەوە لەبەردەم گەنجانی سلێمانی و هەولێردا سەما بکەن کەئەم کارە زۆر دوورە لە داب و نەریتی کوردانەمان کە جێگای شانازیمانە. بەڵام نازانم ئایا سەرانی خەدر و خیانەت بۆ ئەمەندە لەهەوڵی فەساد کردنی کۆمەڵگەدان؟ لەکۆتایدا ڕودەکەمە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم و پێتان دەڵێم باشە ئەو 25 دەفتەر دۆلارە داتان بە جەمشید بتاندایە بە چەند ماڵە شەهیدێك کە خوێنی خۆی لەپێناوی ئێوەدا ڕشتووە باشتر نەبوو؟ ئەگەر خاوەنی ئەقڵبن ئەوە دەڵێن بێگومان هەڵەیەك بوو کردمان ئیتر دووبارە نابێتەوە.
بەڵام ئەگەر هینبن (.. ) ئەوا پێتان دەڵێم خۆتان بە خۆتانبن..
2007/4/11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.